



# بێکەس

باران

ئا: د. لاوەند عەلی

-شێرکۆ بێکەس کوڕی شاعیری نیشتمانپەروەری کورد(فایەق بێکەس)ە و لە 2/5/ 1940 دا لە شاری سلێمانی، گەڕەکی گۆیژە (گاوران ) لەدایکبووە.

- لە دایکەوە ئەچنەوە سەر هۆزی گەڵباخیەکان و بنەماڵەی فاتمە غەزایی ..

- قوتابخانەی سەرەتایی فەیسەڵییەی لەسلێمانی تەواوکردووە، دواتریش قوتابخانەی ئامادەیی پیشەسازی لە سلێمانی و بەغدا تەواوکردووە.


- لەتەمەنی -16 17 ساڵیدا، یەکەمین بەرهەمی ئەدەبی لەهەفتەنامەی ( ژین ) کە لە شاری سلێمانی دەرچوو ،بڵاوکردوەتەوە.


- لەتەمەنی(24) ساڵیدا ، واتە ساڵی(1964) شار بەجێدەهێڵێت و ئەچێتە ڕیزی پێشمەرگەکانی شۆڕشی ئەیلولەوەو لەڕادیۆی شۆڕشدا کار دەکات و لە بڵاوکراوەی (دەنگی پێشمەرگە) یشدا شیعرەکانی بڵاودەکاتەوە.

-لەساڵی1968دا، یەکەمین دیوانی خۆی بەناوی (تریفەی هەڵبەست) لە بەغداد و لە چاپخانەی (سجان الاعظمي) و لەسەر ئەرکی کاك (فەهمی قەفتان) چاپدەکات.

- دوابەدوای بەیاننامەی(11)ی ئازاری(1970)لە بەغدا، لەگەڵ دەستەیەك نووسەرو شاعیری دیکەی کورددا، یەکەمین بەیاننامەی ئەدەبی، بەناوی (ڕوانگە) بڵاودەکەنەوەو تێیدا بانگهێشتی بۆ تازەگەری و نوێخوازی لە ئەدەبی هاوچەرخی کوردیدا دەکەن.

-لەمارتی(1974)دا لەگەڵ دەیان ڕووناکبیرو نووسەرو شاعیری دیکەدا، ئەچنە شاخ و لە پاڵ شۆڕشی ئەیلول و لەدەزگای ڕاگەیاندندا کاردەکات.





- دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلول، ئەگەڕێتەوە بۆ سلێمانی، دواتر لەلایەن ڕژێمی دیکتاتۆری عێراقەوە، وەك هەزاران کوردی دیکە، دوور ئەخرێتەوە، ( هیت) سەر بە ناحیەی بەغدادیە، لە شاری ڕۆمادی.
- دوای چەند ساڵێك ئەیگێڕنەوە بۆ شاری سلێمانی و لە دائیرەی ئاو و ئاوەڕۆی سلێمانی، وەك فەرمانبەرێك دەست بەکار ئەبێت.
-لەکۆتایی ساڵی (1984) دا دیسانەوە ڕوویەکاتەوە شاخ و لەپاڵ شۆڕشی نوێی کورددا، لەناو ڕیزەکانی یەکێتی نووسەرانی کوردستان و لە دەزگای ڕاگەیاندنی شۆڕش و ڕادیۆدا کاردەکات.
-لە کۆتایی (1986) دا لە ڕێی شۆڕشەوە، ئەچێتە ئێران و لەوێوە بۆ سوریا، ئینجا لەسەر داوای کۆمەڵەی مافی مرۆڤ، ئەچێتە ئیتالیاو بۆ یەکەمین جار لە(فلۆرەنسا) کۆڕێکی شیعری ئەبەستێت.
- لە ساڵی (1987-1988) دا خەڵاتی (تۆخۆلسکی) ئەدەبی لەلایەن یانەی قەڵەمی سویدیەوە پێدەبەخشرێت و ڕوو دەکاتە سوید و دوای ماوەیەك، داوای پەنابەری سیاسی ئەکات و وەریئەگرێت.
-ساڵی 1986 دەچێتە وڵاتی سوید، لەماوەی ساڵانی 1987-1992 لەوێ دەمێنێتەوە.
- لە نێوان ساڵانی(1987-1991) دا چەندین کۆڕی شیعری لەزۆربەی زۆری وڵاتانی دنیادا ئەگێڕێت .
- لە ساڵی (1990)دا بەرگی یەکەمی شیعرەکانی چاپکرا، ئەم دیوانە بەشی هەرە زۆری ئەو شیعرانەی گرتبووەخۆ، کە شاعیر لەنێوان ساڵانی(1979-1990) دا نووسیونی، بە تایبەتی ئەو قەسیدانەی، کە ئەچنە خانەی شیعری مقاوەمەت و شاخەوە، هەروەها بەشێکی زۆر

-له سالانی(1991) دا و دوای راپەڕینی خەڵکی عێراق و کوردستان، بەشداری کۆنگرەی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لەبەیروت دەکات و دوای راپەڕین و لەمانگی دەی ساڵی 1992 گەڕایەوە هەرێمی کوردستان.

- بەرگی دووەم لەساڵی(1992)دا چاپکرا، کە تێکڕای دیوانە چاپکراوەکانی: تریفەی هەڵبەست، کەژاوەی گریان، من تینووێتیم بە گڕ ئەشکێ، کازیوە، دوو سروودی کێوی لە خۆ گرتبوو .

-لەساڵی(1992)داو لەسەر لیستی سەوز خۆی بۆ هەڵبژاردنی یەکەمین پەرلەمانی کوردستان ئەپاڵێوێ و ئەبێتە ئەندامی پەرلەمان، هەر لەڕێی پەرلەمانیشەوە بۆ پۆستی وەزارەتی ڕۆشنبیری هەڵدەبژێرێ و ئەبێتە یەکەمین وەزیری ڕۆشنبیری لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا .

_ لەمانگی (11)ی (1993)دا بەهۆی ئەو پێشێلکاریانەوە، کە دەرهەق بەپڕۆسەی دیموکراتی لە کوردستاندا ئەنجامدەدرا، دەست لە پۆستی وەزارەتی ڕۆشنبیری ئەکێشێتەوە و دەقی دەستلەکارکێشانەوەکەی لە ڕۆژنامەو کەناڵە تەلەفزیۆنییەکاندا بڵاودەکاتەوە.

- بەرگی سێیەم لە ساڵی(1995)دا چاپکرا کە تێکڕای شانۆنامە شیعریەکان و داستانە شیعریە چاپکراوەکانی لەوەو بەری لەخۆ گرتبوو .

- لەساڵی (1988)ەوە بەدواوە، لەئەنتۆلۆژیای خوێندنی پۆلەکانی ناوەندی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو کەنەدا دا، لاپەڕەیەکی بۆ تەرخانکراوە وەك شاعیرێکی کوردی هاوچەرخ پێناسەکراوە.

_ لە ساڵی (1998)دا، لەگەڵ چەند ڕووناکبیر و ئەدیبێکی دیکەدا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم لە سلێمانی پێکئەهێنن و ئێستا سەرپەرشتی ئەو دەزگایە دەکات.

-ئەندامی یەکێتی نووسەرانی کوردو یەکێتی نووسەرانی سویدە .

- بۆ یەکەم جار بەشێکی لەبەرچاو لە دیوانی شاعیر بەناونیشانی « دیوانی شێرکۆ بێکەس « لە سێ بەرگدا، بەیارمەتی ماڵی کولتووری سوید لە ستۆکهۆڵم چاپکرا .

- لەساڵی(2001)دا لە لایەن ناوەندی چاپ و ڕاگەیاندنی « خاك « ەوە خەڵاتی داهێنانی( پیرەمێرد)ی بۆ شیعر پێدەبەخشرێت.

- لەساڵی(1992)ەوە هەتا 2003، چەند جارێك لەلایەن گروپە ئیسلامییە توندڕەوەکانەوە، فەتوای کوشتنی بۆ دەرکراوە.

- بە گشتی (44)کۆمەڵە شیعر و (2) بەرهەمی وەرگێڕان و(1) چیرۆکی منداڵانی چاپکراوی هەیە، زۆرجار شیعرەکانی بۆ سەر زمانە بیانییەکان وەرگێڕدراون، سەبارەت بەم کاری وەرگێڕانە شاعیر دەڵێت»هەڵبژاردەیەکیش لەشیعرەکانم بۆ نزیکەی (10) زمان وەرگێڕدراون، لەوانە(ئینگلیزی، سویدی- دوو هەڵبژاردە، فەڕەنسی، ئەڵمانی، ئیتاڵی، دانیمارکی، مەجەری، عەرەبی- پێنج کۆمەڵە شیعر، تورکی، فارسی)، بەڵام زیاتر ئەو شیعرانەی وەرگێڕدراون، کە شاعیر پێیوایە (کورتە شیعر)بوون، چونکە:

1- وەرگێڕ بەسەریدا زاڵە.

2- یەك حاڵەتە، بروسکەیەکە، یان لێدوانێکە و شیعری فیکرین.

شێرکۆ بێکەس ژنی هێناوە و سێ کچ و کوڕێکی هەیە، وەك خۆی دەڵێت»مناڵەکانم لەخەمڕەخسیون، هەریەکەیان سەرقاڵی ماڵ و ژیانی خۆیەتی» (1)

- لە ساڵی (2000)دا پڕۆژەی چاپکردنی کتێبی دانیسقە لە سلێمانی بۆ جاری دووەم، ئەو سێ بەرگەی دیسانەوە چاپکردەوە.

- هەندێك لە دیوانەکانی شاعیر جیا جیا وەك (تریفەی هەڵبەست، دوو سروودی کێوی، کازیوە، دەربەندی پەپوولە، بۆننامە، ئافات) بۆ چەندین جار لە باشور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دەرەوەی وڵات لەچاپدراونەتەوە.

- ساڵی 2009 سەرجەم دیوانەکانی، بەڵام لە دیوانی( تریفەی هەڵبەست)ەوە، تاوەکو( تەون) واتە لەساڵی 1968-2009 لە سوید دووبارە چاپکراونەتەوە.

- تاکە دیوانی شێرکۆ بێکەس چاپ نەکرابێت (یادەوەری پاسکیلێکی کەرکوکیی)ە، کە بەم نزیکانەش ئەویش بە چاپدەگەیەنرێت.

-بەر لەمردنی بەدەستنوسی خۆی وەسیەتنامەیەك بۆ گەلی کورد دەنوسێت.

- لەرۆژی 2013/4/17 بۆچارەسەر دەچێتەوە وڵاتی سوید.

- ماوەی سێ مانگ و (18) رۆژ لەوێ دەمێنێتەوە.

- رۆژی 2013/8/4 کاتژمێر (4.10) خولەك لە سوید کۆچی دوایی دەکات.

# وەسیەتنامەکەی شێرکۆ بێکەس



من نامەوێت لە هیچ کام لە گرد و گردۆڵەکەکاندا بنێژرێم، کە دیارن و ناویان ئەبرێ، یەکەم لەبەرئەوەی پڕبوونەتەوە و دووەم لەبەرئەوەی من حەز بە قەرەباڵغی زۆر ناکەم، من ئەمەوێ ئەگەر سەرۆکی شارەوانی و ئەنجومەنی شارەوانی شارەکەم ڕێگەم پێبدا و ئەوەم پێ ڕەوابببینن، لە پارکی ئازادیدا و بە تەنیشت مۆنۆمێنتەکەی شەهیدانی (1963)ی سلێمانیەوە بمنێژن، ئەوێ خۆشترە و تەنگەنەفەس نابم، من حەز ئەکەم بە مردویش نزیکی ئەو خەڵکەو ژن و پیاوی شارەکەم و دەنگی مۆسیقا و گۆرانی و هەڵپەڕکێ و یانە جوانەکانی ئەو پارکە بم.



با کتێبخانەکەم و دیوانەکانم و وێنەکانم ببرێن بۆ شوێن مەزارەکەم، با کافتریایەك و باخچەیەکی بچکۆلانە لەو شوێنەدا هەبێت، بۆئەوەی شاعیران و نوسەران و کچ و کوڕی دڵدار ببنە میوانم، من ئەمەوێ لە ئێستەوە بەچاوی خەیاڵ تەماشای ئەو پارکە بکەم و دوای مردنی خۆم ببینم، ئەمەوێ بەدەم چریکەی دیلان و ئەڵڵا وەیسیەکەی مەردان و سرودی (خوایە وەتەن ئاواکەی)ەوە، ئاڵای کوردستانم تێوە پێچرابێ و بنێژرێم، من ئەمەوێ لە پرسەکەمدا مۆسیقا لێبدرێت، لەناو مەزارەکەمدا تابلۆی جوانی هونەرمەندانی شارەکەم هەڵبواسن، من ئەمەوێ دوای خۆم و بەناوی (بێکەس)ەوە، خەڵاتێکی ساڵانە تەرخانبکرێ و بدرێت بە جوانترین دیوانە شیعری هەڵبژێردراوی ئەو ساڵە و خەرجی ئەم خەڵاتەیش لەو میراتە بدرێ، کە جێیدەهێڵم.